کتێب: هەگبەی زانین: کتێبی یەکەم:پیستیمۆلۆجی کلاسیک

بابەت: فەلسەفە

نووسەر:ساماڵ مانیی

چاپ: یەکەم

تیراژ:1000 دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی 1701ی پێ دراوە

ساڵی چاپ:2018

چاپخانە: تاران

نرخ: ٧٠٠٠دینار

هەموو مافێکی بۆ نووسەر پارێزراوە

facebook/ktebfroshymexak
mexekbooks@gmail.com

هەگبەی زانین: کتێبی یەکەم پیستیمۆلۆجی کلاسیک




فەلسەفە

هەگبەی زانین: کتێبی دووەم؛ سۆشیال پیستیمۆلۆجی

نووسینی: د. ساماڵ مانیی

Samal H R. Manee

/لە بارەی نووسەرەوە

دکتۆرا لە فەلسەفەدا، پرۆگرامی فەلسەفە بە ئینگلیزی، ئەورووپای یەکگرتوو

بەکالۆریۆس و ماجیستێر لە فەلسەفەدا، زانکۆی لەندەن، بەریتانیا

دوو ساڵ مامۆستای فەلسەفەبووە لە زانکۆیەکی هەرێمی کوردستانی باشوور

نووسەری 'هەگبەی زانین'ە بە زمانی کوردی، کە لەسێ کتێبی فەلسەفە پێکهاتوون.

هەگبەی زانین: کتێبی یەکەم پیستیمۆلۆجی کلاسیك

ساماڵ مانیی

پرۆژەی چاپی کتێبی مێخەک

زنجیرەی کتێب: ٢٢

***

بەڕێوەبەری ناوەند: سۆران خالد

بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: شۆڕش غەفووری

١٠٣ بەشی دووەم: تایبەتمەندی و سروشتی زانین

١٠٣ ناوبەشی یەکەم: سروشتی زانین

١٥٦ ناوبەشی دووەم: جۆرەکانی زانین

١٧٧ ناوبەشی سێیەم: تیۆرەکانی ڕاستی

١٨٧ بەشی سێیەم: کێشە و گرفتە مێتۆدۆلۆجییەکانی زانین

١٨٨ ناوبەشی یەکەم: دایڤید هیوم و کێشە کلاسیکییەکەی ئیندەکشن

١٠٨ ناوبەشی دووەم: کارڵ پۆپەر و تیۆری ڕەتکردنەوە

٢٢١ ناوبەشی سێیەم: کێشە نوێیەکە؛ مەتەڵە تازەکەی گروو

٢٣٨ ناوبەشی چوارەم: پەرەدۆکسی سەلماندن؛ پەرەدۆکسی ڕەیڤن

٢٤٥ ناوبەشی پێنجەم: تیۆری ئیحتیمالات؛ تیۆری ئەگەرەکان

٢٧٦ بەشی چوارەم: سروشتی سەلماندن و ساغکردنەوە

٢٧٦ ناوبەشی یەکەم: وەسف و وێنا و ساغکردنەوە

ناوبەشی دووەم: تیۆری سەلماندن و ساغکردنەوە؛ پێکهاتە سێ بڕگەییەکە ٢٧٩

٢٩١ ناوبەشی سێیەم: کێشەی گێتییێر

٣٠٨ ناوبەشی چوارەم: تیۆرە دەرەکی و ناوەکییەکان

٣١٧ ناوبەشی پێنجەم: گومانگەری؛ گومانی دیکارت

٣١٧ بەشی پێنجەم: زانینی دەوروبەر

٣٤٤ ناوبەشی یەکەم: ڕیالیزم و ڕیالیزمی زانستی

٣٧٦ ناوبەشی دووەم: ئەنتی ڕیالیزم؛ دژە-زانستییەکان



لە ئەورووپا، بەزمانی ئینگلیزی بیرکردنەوە فەلسەفییەکانی دەنووسێت و بڵاو دەکاتەوە

ئەوبوارە فەلسەفییانەی کە لێکۆڵینەوەی تیادا کردوون و زیاتر گرنگییان پێ دەدات، ئەمانەن:

فەلسەفەی زانست، لۆجیك، فەلسەفەی زەین و ئاگایی و مێشك، فەلسەفەی زمان و مانا، فەلسەفەی پیستیمۆلۆجی کلاسیك و سۆشیال پیستیمۆلۆجی، فەلسەفەی جێندەر و کۆمەڵگە

ئەندامی هەمیشەیی کۆمەڵەی فەیلەسوفەکانی بەریتانیایە

ئەندامی ئینستیتیوتی باڵای لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانە

.ئەندامی ڕێکخراوی فەیلەسوفە ژنەکانی بەریتانیایە


.

پێشکەشە بە یادی باوکم؛ مام عەلی (١٩١٠–١٩٨٣)

پیاوی سەدەی ڕابوردوو؛ یەکەم پیاوی مەزن بوو لە ژیانمدا کە پاڵپشت و پشتگیرم بێت. ئەو باوکە سەڵتە بوو پاش مردنی دایکم؛ خۆی بە تەنها و .زۆر بەناز بەخێوی کردم و ژنی نەهێنایەوە هەتا گەورە بووم

ناوەڕۆک


٤٠ بەشی یەکەم: تایبەتمەندی و سروشتی پیستیمۆلۆجی

٤٠ ناوبەشی یەکەم: ڕێبەری پیستیمۆلۆجی ئەکادیمی

٤٨ ناوبەشی دووەم: لۆجیکی ئارگیومەنتی فەلسەفی

٦٣ ناوبەشی سێیەم: ڕەوت و بەشە تایبەتییەکانی پیستیمۆلۆجی

## پێشەکی

تا چەند دەزانیت؟ ئەوانەی کە دەیانزانیت، تا چەند ڕاستن؟ڕاستی چییە؟ زانین چییە؟ پەیوەندیی نێوان زانین و ڕاستی چییە؟ سەرچاوەکانی زانین چین؟ کام لە سەرچاوەکانی زانین جێی متمانەی زیاترن؟ چی ڕاستی نییە؟ چۆن بزانین چی ڕاستە؟ پەیوەندیی بیر و بۆچوون و باوەڕ بە ڕاستبوونیانەوە چییە؟ ئەگەر ئەوەی لەوەوپێش بە ڕاستت زانیبوو هەڵە دەرچوو، چی دەکەیت؛ بەسەریاندا دەچیتەوە و چاکیان دەکەیت یان بە تەواوی ڕەتیان دەکەیتەوە و فڕێیان دەدەیت؟ باوەڕەکانمان تا چەند ڕاستن؟ چۆن بزانین باوەڕەکانمان ڕاستن؟ کام مێتۆد باشە بۆ سەلماندنی ڕاستیی باوەڕەکانمان؟ پەیوەندیی نێوان باوەڕ و بۆچوون و زانین چییە؟ دەکرێت گومان لە هەموو ڕاستییەك بکەین؟ دەتوانین بەبێ هەبوونی ڕاستی بژین؟ چی بکەین بۆ ئەوەی دڵنیا بین کە ڕاستیمان دەست دەکەوێت؟ چۆن بتوانین ڕاستیی زیاتر لە زانینەکانماندا و لە ژیاندا بە گشتی کەڵەکە بکەین؟ کام پرۆسەی بیرکردنەوە متمانەبەخشە بۆ دەرخستنی ڕاستی؟ کام مێتۆدی هەڵسەنگاندن بۆ بیرکردنەوەمان باشە و بەرهەمهێنەری ڕاستییە؟ چۆن بتوانین متمانە بە مێتۆدێکی هەڵسەنگاندن بۆ کەڵەکەکردنی ڕاستییەکان ببەخشین؟ هەموو تیۆرە زانستییەکان ڕاستن؟ هەموو ئەو بۆچوونانەی کە دژ بە ڕاستیبوونی زانستن، ڕاستن؟

ئەم کتێبە، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، لەسەر زانین و ڕاستی و مێتۆدەکانی بەدەستهێنانی دەدوێت. ئەمانە هەندێك لەو پرسیارە سەرەکییانە بون کە ئەم کتێبە هەڵیان دەسەنگێنێت و ڕوونیان دەکاتەوە، کێشە و گرفت و پەرەدۆکس و گومانەکان لەسەریان دەخاتە ڕوو.

هەگبەی زانین' پرۆژەیەکی نوسینە لە سێ کتێب پێکهاتوە ، مەبەستەکە ' بە گشتی دروستکردنی پردێکە بۆ گەیشتن بە زەمینەی دیبەیتی فەلسەفەی ئەکادیمی ؛ ڕووی لە چەند جۆرێك لە خوێنەری کوردە، چ لە کوردستان بن یان لە هەندەران، چ لە زانکۆ بن یان لە ماڵەوە بخوێننەوە:

(یەکەم) ئەو ڕۆشنبیرانەی گەر لە کوردستان بن یا لە هەندەران، دەخوێننەوە و تینووی تێگەیشتنن لە فەلسەفە، بەڵام یان لەبەر ئەوەی تەمەنیان ناگونجێت بۆ وەرگرتن لە زانکۆکاندا یا لەبەر ئەوەی کە ئیش دەکەن و کاتیان نییە بۆ ئەوەی لە زانکۆکاندا بخوێنن، یا بە بێ ویستی خۆیان لە بوارێکیتردا دەخوێنن یان بە هەر هۆیەکیتر لە خوێندن و دیبەیتی فەلسەفەی ئەکادیمی دوورن. هەر کتێبێکی'هەگبەی زانین' یان هەرسێ کتێبەکەی پێکەوە، دەکرێت وەك کۆرسێك لە ماڵەوە بخوێنرێتەوە، ئاستی خویندن و دیبەیتی زانکۆکان لە بواری فەلسەفەدا بگەیەنێتە ماڵەکان.

(دووەم) ئەو ڕۆشنبیرە ئەکادیمییانەی کە لە کوردستان و لە هەندەران لە زانکۆکاندا لە بواری فەلسەفەدا دەخوێنن، 'هەگبەی زانین' وەك سەرچاوەیەکی ئەکادیمی زۆر بەسوودە لە خوێندن و تێگەیشتنیاندا. لەبەر ئەمەیە هەگبەی زانین لەگەڵ ئەوەدا کە ڕوون و کورت و پوخت نووسراوە، بەڵام ئاستی بەرزی ئەکادیمیی خۆی پاراستووە بە جۆرێک هەم لە کوردستاندا و هەم لە هەندەران بەسوود بێت.

بیرکردنەوەم لەم تێکستانەی 'هەگبەی زانین'دا بەو جۆرەیە کە هەرگیز یەك و دوو ئارگیومەنتی فەلسەفی یان یەك و دوو فەیلەسوف وەڵامدەرەوە نین بۆ هیچ بابەت و پرسیارێکی فەلسەفی. بەڵکو بە پێچەوانەوە، بۆ تێگەیشتن لە هەرپرسیار و بابەتێکی فەلسەفە، پێویستە کۆی هەموو ئارگیومەنت و دژە-ئارگیومەنتەکان کە لەسەر ئەو بابەتە هەن، بخوێنرێنەوە، لەگەڵ هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان و وەرگرتنی سەرنج و ڕەخنە و گومانەکان. هەروەهاش، تەنها بەردەوامیی دیبەیتەکانە کە فەلسەفە دروست دەکەن و 'زانین' زیاتر دەکەن و هەنگاو بە هەنگاو لە ڕاستی نزیکمان دەخەنەوە.

هەر لەبەر ئەمەش بوو کە بڕیارم دا 'هەگبەی زانین' بنووسم کە لە سێ کتێبی جیا و سەربەخۆ پێك هاتووە، بەڵام بە یەك بابەتەوە گرێ دراوە کە ئەویش مەسەلەی 'زانین'ە لە فەلسەفەدا. مەبەستم لە نووسینی هەگبەی زانین ئەوەبوو کە نەخشەیەک بۆ مەسەلەی 'زانین' دروستبکەم تیایدا پانتایی مەسەلەکە و کێشەکانی دەربکەون. مەبەستم بوو ببێت بە سەرچاوەیەکی فەلسەفەی ئەکادیمی لە ناو سەرچاوەکانی تردا و بەبێ سانسۆری بۆچوونێکی تایبەت، خوێنەر و خوێندکاری ئەکادیمیی فەلسەفە هان بدات بۆ تێگەیشتنی فراوانتر و هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەکانی خۆی و تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەی ئەوانیتری دەوروبەری ، بەراورد کردنیان بەوەی لە ئارگیومەنتە فەلسەفیەکاندا دەیانخوێنێتەوە. ئەم پرۆژەی نووسینە مەبەستیەتی هاندەر بێت بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەو ئارگیومەنت و بابەتانەی کە سەبارەت بە زانینن لە فەلسەفەدا، مەبەستە پردێکی دیبەیتی فەلسەفی دروست بکات لە نێوان خوێنەری کورد و خوێنەری ئەورووپا و بەریتانیا و کیشوەرانی ئینگلیزی زماندا. بە مانایەکیتر؛ زەمینەی دیبەیتی فەلسەفی لە ئەورووپا و بەریتانیا و کیشوەرانی ئینگلیزی زمان بهێنێتە ناو ماڵەکانی کوردستان و بیانخاتە بەردەستی خوێنەرانی کورد و خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان.

هەرسێ کتێبەکەی پرۆژە نوسینی 'هەگبەی زانین' دەکرێت پێکەوە وەك کۆرسێکی فراوان و تێروتەسەل و وەك سەرچاوەیەکی ئەکادیمی لە پلەی خوێندنی ئەکادیمیی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرادا لەسەر مەسەلەی زانین بەکار بهێنرێن. لە هەمان کاتدا هەر یەکە لەو سێ کتێبانەی کە 'هەگبەی زانین' پێك دەهێنن، بە جیا و بۆ خۆی دەتوانێت کۆرسێکی زۆر باشی فەلسەفە بێت لە ئاستی ئەکادیمیدا لەسەر مەسەلەی زانین. هەر بەو مەبەستەش ئەم سێ کتێبە جیا کراونەتەوە، تا هەریەکەیان ڕێڕەوێك لەو ئارگیومەنتە گرنگ و پێویستانە بگرنە خۆیان کە دەکرێت پێکەوە پۆلێن بکرێن لەسەر زانین. بۆ نموونە، لەم کتێبەی یەکەمی 'هەگبەی زانین'دا ئارگیومەنتەکان و ئاڕاستەی بیرکردنەوە تیایدا بە پیستیمۆلۆجی کلاسیك ناسراون، ئەمە واتە جگە لەوەی کە سەرچاوەیەکی فەلسەفییە بە گشتی، دەکرێت سەرچاوە بێت بۆ لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لە سەر مەسەلەی زانین لە پیستیمۆلۆجی کلاسیکدا. هەمان مەسەلە سەبارەت بە هەردوو کتێبەکەی تری هەگبەی زانین و پۆلێنکردنیان بەپێی ناوەڕۆکەکانیان ڕاستە، بەو جۆرەی کە وەك کۆرسێکی تایبەت و جیا بەسوود بێت، لە هەمان کاتدا لەگەڵ یەکدا یەک دەگرنەوە سەبارەت بە 'زانین' و پێکەوە تێگەیشتنێکی فراوانتر و قوڵتر دەبەخشن.

ئەم کتێبەیان کتێبی یەکەمی 'هەگبەی زانینە' کە لە بەردەستتدایە و لەبەر ئەوەی پەیوەندیدارە بە پیستیمۆلۆجی کلاسیکەوە، سەبارەت بە بیرکردنەوە و بۆچوون و باوەڕە لای تاکی بیرکەرەوەی مرۆڤ و تیشک دەخاتە سەر ئەو مێتۆد و لۆجیکانەی کە بەرهەمهێنەری ڕاستی و زانین و زانینی زانستین. لە پیستیمۆلۆجی کلاسیکدا 'تاك' یا تاکی بیرکەرەوە لە چەقی فەلسەفە و مەسەلەی زانیندایە و بیرکردنەوەی مرۆڤ وەك تاك لە خۆ دەگرێت؛ هەر لەبەر ئەمەشە کە بە پیستیمۆلۆجی کلاسیك ناو دەبرێت.

لەم کتێبەدا هەموو باسەکان دەکەونە ناو پانتایی فەلسەفەی ئەنەلەتیکەوە، فەلسەفەی ئەنەلەتیك مێتۆدێکی بیرکردنەوەی سەختە ، لەبەر ئەمەش سەختترە نووسینی بە زمانی کوردی؛ لەبەر نەبوونی تێرمە لۆجیکی و تایبەتەکانی دەربڕینی فەلسەفە بە کوردی. زۆر بە سادەیی و بە کورتی و پوختی هەوڵم داوە بینوسم و بە ڕوونی ناوەرۆکی زۆربەی ئارگیومەنتە گرنگەکان بە یەك ئاڕاستەدا بخەمە ڕوو، ئەویش مەسەلەی زانینە. 'هەگبەی زانین' پانتاییەکی فراوان لە فەلسەفەدا دەگرێتە خۆ، لە هەر یەکێك لە سێ کتێبەکەیدا ئارگیومەنتەکان بە مەبەستی باسکردنیان لە هەگبەیەکی کورت و پوختدا کورت کراونەتەوە؛ بەبێ کەمکردنەوە لە ئاست و مەبەست و ناوەرۆکەکانیان.

ئەم کتێبەی یەکەمی هەگبەی زانین، سێ بەشی فەلسەفە لە مەسەلەی زانیندا تێکهەڵکێش دەکات: بەشی پیستیمۆلۆجی، بەشی فەلسەفەی زانست، بەشی

کلاسیکییەکەی ناو پیستیمۆلۆجی و لۆجیك و مێتۆدۆلۆجی و فەلسەفەی زانست. زۆربەی ئەو ئارگیومەنتە فەلسەفییانەی کە پەیوەندییان بە زانینەوە لە فەلسەفەدا هەیە، هێنراونەتە سەر باس بەبێ تێکەڵکردنیان بە پانۆراما نوێیەکەی زانین کە لە ئێستادا خۆی لە سۆشیال پیستیمۆلۆجیدا گرتووەتەوە و ئەم پانۆراما نوێیە لە کتێبی دووەمی 'هەگبەی زانین'دا تاووتوێ دەکەم کە ئامادەیە بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوە. هەر لەمەوە، بە بەدووراگرتنی ئەم کتێبەی یەکەمی 'هەگبەی زانین' لە پانۆراما نوێیەکەی زانین، کتێبەکە دەچێتە خانەی 'پیستیمۆلۆجی کلاسیك'ەوە، نەك لەبەر ئەوەی خۆی لە سەردەمی فەلسەفەی یۆنانی دێریندا قەتیس کردبێت کە بە 'فەلسەفەی کلاسیك' ناو دەبرێت.

ئەوەی پێویستە خوێنەر لە خوێندنەوەی 'هەگبەی زانین'دا بیزانێت، ئەوەیە کۆی هەموو ئەو باس و سەرنج و ئارگیومەنتانەی باس کراون، پێویستە پێکەوە وەربگیرێن و مەسەلەی 'زانین'یان پێ هەڵبسەنگێنرێ. ئەمە لەبەر ئەوەی هیچ کام لەم ئارگیومەنت و دیبەیتانە بە تەنها وەڵامی ڕەها نین و هیچ ئارگیومەنتێکی فەلسەفییش لە مێژووی فەلسەفەدا بەبێ هەڵە و بەبێ خاڵی لاواز نین، ئەمە ڕاستە بۆ هەموو بیرکردنەوە. دوو جۆر خویندنەوە هەیە بۆ فەلسەفە: یەکەمیان: خوێندنەوەی دەرەوەی خوێندنی ئەکادیمیە؛ خویندنەوەی تێکستەکانی فەیلەسوفێک یان ئارگیومەنتێک یان بەشێکی فەلسەفە و سەرسام بوون پێیان و وەرگرتن و پەسەند کردنیان بێ چەند و چوون. دووەمیان: جۆری خوێندنەوە ئەکادیمیانەیە؛ ئەمەیانە کە پێویستە بۆ خوێندن و ئیشکردن لە بواری فەلسەفەدا وهەروەهاش بۆ خوێنەری جیدی و تێگەیشتن لە فەلسەفە، لەم جۆرە خوێندنەوەیەدا خوێنەر چەندی دەتوانێت دەبێت هەوڵ بدات زۆربەی زۆری ئارگیومەنتەکان لەسەر هەر پرس و بابەتێك وەربگرێت و پاشان هەڵسەنگاندن بۆ بابەتە فەلسەفییەکە بکات؛ لەژێر تیشکی هەموو ئەو سەرنج و ئارگیومەنتانەدا کە لەسەری هەن. لێرەدا نەك هەر خوێندنەوە گرنگە، بەڵکو لێوردبوونەوە و بەهەند وەرگرتنی هەموو ئارگیومەنتەکان پێویستن. مەبەستم لە 'بەهەند وەرگرتن' پەسەندکردنی ناوەرۆك و سەرەنجامی ئارگیومەنت نییە، بەڵکو بەهەندگرتن؛ تێگەیشتن و وردبوونەوەیە لە سەرنجەکان و باس و پێناسە و ئاڕاستە و بنەما و سەرەنجامی ئارگیومەنتەکان و گرنگیدانە بەو سەرنجانەی کە دەیانخەنە ڕوو. لەبەر ئەمەیە هەموو ئارگیومەنت و دژە-ئارگیومەنت و پەرەدۆکس و گومانەکان و سەرنجەکانی کە لە ناو ڕەخنەکاندا دەربڕراون و خراونەتە ڕوو، پێکەوە دەتوانن پانتاییەك لە فەلسەفە پێك بهێنن لەمەڕ تێگەیشتن لە 'زانین'، نەك هەر یەکەیان بە تەنها.

زۆر مەبەستمە ئەو ئاڕاستەیە بگۆڕم کە لە ئێستادا لە ناو خوێنەری کوردی فەلسەفەدا هەیە؛ ئەویش سەرسام بوونە بە یەک دوو فەیلەسوف و یەک دوو ئارگیومەنتی فەلسەفی یان یەک دوو ڕەوتی فەلسەفی و خۆ ڕازیکردن پێیان، بە تەنها و بەبێ بەراورد کردنیان وهەڵسەنگاندنیان، گەر بە چاوی خوێنەری ئەکادیمی فەلسەفە لە هەر فەیلەسوفێک و هەر ئارگیومەنتێک بڕوانین؛ لەگەڵ بەهەندگرتنیاندا دەبینین کە هەرکام لەو بۆچونانەی ناو ئەم ڕەوت وئارگیومەنتانە پڕن لە کەموکورتی و هەڵە. خوێنەری شەقام لەو کەموکورتی و هەڵەکردنانە بەئاگا نیە.

بە ڕای من، پانتایی فەلسەفە زۆر فراوان و گەورەترە لەوەی کە ڕای فەیلەسوفێك یان دوو، ئارگیومەنتێکی فەلسەفی یان دوو، ڕەوتێکی فەلسەفی یان دوو، وەربگیرێن و پەسەند بکرێن و وا دابنرێن کە ڕاستن و ئیتر پاڵی لێ بدرێتەوە. ئەمە گەر لە شەقامیشدا وابێت، ئەوا هەڵەیەکی مەزنە بیرکردنەوەی فەلسەفی وا بناغە بکرێت و دروست بکرێت و پەیڕەو بکرێت لای خوێنەری جیدی بۆ تێگەیشتن و بۆ دروستکردنی زەمینەی دیبەیت و هزراندنی فەلسەفی. بەڵکو بە پێچەوانەی هاندانی ئەوەی کە خوێنەر خۆی بە فەیلەسوفێك یان ڕەوتێکی فەلسەفی ڕازی بکات، دەبێت خوێنەری جیدی بۆ فەلسەفە هان بدرێت لە ناو پانتایی هەموو ئەم ئارگیومەنت و دژە-ئارگیومەنت و ڕەوتە جیاجیایانە و گومان و ڕەخنە و هەڵسەنگاندنانەدا بەدوای ئەو ڕۆشناییەدا بگەڕێت کە لە کۆتاییدا دەیگەیەنێت بە تێگەیشتن و زانین. تەنها ئەوکات کەسێک دەتوانێت ببێت بە فەیلەسوف، هەر لەم تێڕوانینەوەیە کە ئەو دژایەتیەی نێوان فەلسەفەی ئەنەلەتیک و فەلسەفەی کۆنتینەنتاڵ ڕەت دەکەمەوە؛ دژایەتی ڕەتدەکەمەوە نەک دیبەیت. لە نێوان ئەم دوو جۆرە جیاکراوەی فەلسەفەدا کە هەردوکیان سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی دێرین، دژایەتیەکەیان

لۆجیك یا مێتۆدۆلۆجی. هەر یەك لەم بەشانەی فەلسەفە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە دروستکردنی زانینەوە هەیە، لێرەدا پێکەوە پۆلێنم کردوون و لێکدانەوە پیستیمۆلۆجیەکەی بەشی لۆجیك و مێتۆدلۆجی و بەشی فەلسەفەی زانستم تێکهەڵکێش کردووە بە پیستیمۆلۆجی کلاسیک. ئەمە وای کردووە هەگبەی زانین لە بواری پیستیمۆلۆجیدا بێت بەڵام بە پانتاییەکی فراوانترەوە و هەوڵێکی نوێ بێت. ئەم هەوڵە نوێیە لە چەند ڕوویەکەوەیە:

(یەکەم): تێکهەڵکێشکردن و ئاڕاستەکردنی ئەو بەشانەی کە پەیوەندییان بە زانینەوە هەیە لە سێ بەشی فەلسەفەدا؛ لۆجیك و مێتۆدۆلۆجی، فەلسەفەی زانست، پیستیمۆلۆجی، بۆ دەرخستنی پرس و کێشەکانی زانین.

(دووەم): گەرچی ئەم کتێبە یەکێکە لەو سێ کتێبانەی کە پرۆژەی نووسینی 'هەگبەی زانین' پێکدەهێنن، بەڵام ئەم کتێبە بە جیاش، بەبێ یاریدەی دوو کتێبەکەیتری هەگبەی زانین؛ سەرچاوە و کۆرسێکە لەسەر مەسەلەی زانین لە پیستیمۆلۆجی کلاسیکدا.

(سێیەم): هەرسێ کتێبەکە پێکەوە 'هەگبەی زانین' پێك دەهێنن وچڕبوونەوەن لەسەر یەک پرس و بابەت کە 'زانین'ە.

(چوارەم): 'هەگبەی زانین' بۆ خۆی زەمینەیەک پێکدەهێنێت تیایدا خوێنەرو خوێندکارانی کورد و ئەوانەی ئەورۆپا و کیشوەرانی ئینگلیز زمان پێکەوە لە یەک زەمینەی دیبەیتی فەلسەفەدا کۆ دەکاتەوە. یەکێک لە مەبەستەکان پێکهێنانی پردێکی دیبەتکردنە؛ خوێندنەوەی 'هەگبەی زانین' وەرگرتن لە بواری فەلسەفەدا لە کیشوەر و وڵاتانی ئینگلیز زماندا ئاسان دەکات، لە کاتێکدا وەکوتر وەرگرتن لە بواری فەلسەفەدا لەو وڵاتانەدا سەختە لەبەرجیاوازی نێوان سیستەمەکانی پەروەردە و نەبوونی زەمینەی دیبەیتە ئەکادیمەکانی فەلسەفە لە ناو کورددا.

(پێنجەم): سەرەڕای ئەمانە، لەهەر یەک لە کتێبەکانی ئەم پرۆژە نوسینەدا پۆلینکردنی ئارگیومەنتەکان لە چەندین بوار و بەشی ناو فەلسەفەوە ئاڕاستەن لەسەر مەسەلەی زانین و لەم ئاڕاستەکردنەدا ئاوێتەی یەکتر دەبن، ئارگیومەنت لە یەکێکیاندا کاریگەرە بەسەر ئەوەی تریاندا، بەڵام هەڵگری زۆر لەوە زیاترن کە تەنها ڕوونکردنەوە و ئارگیومەنت بن لەسەر زانین. لەبەر ئەوەی ئەم ئارگیومەنتانە دابڕاو نین لە مەسەلە و بابەتەکانی تری ناو فەلسەفە بە گشتی، چونکە ئەم ئارگیومەنتانەی کە لە یەك کتێبی هەگبەی زانین دا کۆ کراونەتەوە و پێکەوە لە هەر سێ کتێبەکەی پرۆژەی نوسینی 'هەگبەی زانین'دان؛ زەمینەیەک بۆ مەسەلەی زانین دروستدەکەن، وەك سەرچاوە بۆ بابەتەکانی تری فەلسەفەش دەگونجێن. هەر بەشێکی لێکۆڵینەوە لە فەلسەفەدا بگرین و بەووردی سەرنجیان لێ بدەین؛ بابەت و ئارگیومەنتەکانی پەیوەندییان بە بابەت و ئارگیومەنتەکانی بەشەکانی تری ناو فەلسەفەوە هەیە، هەموو بەشەکانی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان هەر لە بواری فەلسەفەدان و دەکەونە یەك پانتاییەوە کە فەلسەفەیە. هەموو بەش و پرسە فەلسەفییەکان لە ئاستێکدا نەك هەر پەیوەندی دروست دەکەن، بەڵکو کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە و پێکەوە فەلسەفەن؛ ئەمانە بۆ ناوەرۆکی دوو کتێبەکەی تری 'هەگبەی زانین'یش ڕاستە.

هەر لەبەر ئەمانەشە، زۆر جار کە ئارگیومەنتێکی بەهێز لە یەکێك لە بەشەکانی فەلسەفەدا ڕەت دەکرێتەوە یان دەخرێتە ژێر پرسیارەوە، چەندین ئارگیومەنتیتر لە بەشەکانی تری فەلسەفەدا بە خۆیەوە لاواز دەکات گەر نەیخاتە بەر هەمان تەوژمی ڕەتکردنەوەوە. پێچەوانەکەشی ڕاستە؛ کاتێك لە بەشێکی فەلسەفەدا پرسیاری نوێ و سەرنجی نوێ و ئارگیومەنتی بەهێز دروست دەبێت، ئەو ئارگیومەنتانە پشتگیری لە مەسەلەیەك دەکەن و کاریگەریی هەیە بۆ چەند ئارگیومەنتێکیتر لە بەشەکانیتری فەلسەفەدا. بۆیە دەبێت ئەوە لە بیر نەکرێت کە هەموو بەشەکانی فەلسەفە وەك بابەت جیا کراونەتەوە بە مەبەستی وردبوونەوەی زیاتر و قووڵبوونەوە و سەرنجدان لە وەڵام و کێشە و گرفت و پرسیارە فەلسەفییەکان، نەك دابڕینیان لە یەکتر. لە بواری فەلسەفەدا هەموو بەشەکان و بابەتەکان پێکەوە فەلسەفە دروست دەکەن و هەمووشمان پێکەوە ئیش دەکەین لەیەک بواردا کە فەلسەفەیە، تیایدا سەرنج لە پرسیارە گرنگەکان دەدەین، بەڵام هەریەکەمان بە تێڕوانین و بۆچوون و وردەکاریی جیاوازەوە.

ئەو ئارگیومەنتانەی کە لەم کتێبەدا باس کراون و هەڵسەنگێنراون، هەڵبژاردەیەکی گرنگن لە دیبەیت و سەرنج و پرسیار و باسە

بۆچوونەکانی دەکات. ئەمە ئەو گەنجینەیەیە کە مرۆڤ لە ژیانیدا بەبەردەوامی هەیەتی و لەبەردەستیدایە سەرەڕای بیرکردنەوەی ئەوانیتری پێش خۆمان  کە بۆیان بەجێ هێشتووین.

ئەڵبەت هیچ کام لەم بیرکردنەوانە بەدەر نین لە هەڵە و کەموکوڕی، هەر ئەم هەڵەو کەموکوڕیانەشن بابەتی دیبەیتی فەلسەفەن.

لە بیرکردنەوەی هەموو تاکێکدا لە کاتی هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانماندا بەبێ ئەوەی بە خۆمان بزانین، 'باوەڕ' وەک مەسەلەیەکی ئەبستراکت لە ناو ئەم تۆڕە قەرەباڵغ و لێکئاڵاوەدا کە لە ئێستادا هەمانن، هەر هەمان 'باوەڕ'ن وەك  ئەو 'باوەڕ'ەی کە لە ڕابوردوودا هەمانبوون و بەسەریاندا چووینەتەوە و ڕەتمان کردوونەتەوە و فڕێمان داون. بەڵام ئەم باوەڕەی کە ئێستا هەمانن؛ لەسەری دەژین و لکێنراون بە هەبوونمانەوە و کراون بە بەشێك لە پێناسە و خۆناسین، هەم لای خۆمان و هەم لای کۆمەڵگە بەو جۆرە 'باوەڕەکان' دەپارێزرێن و بەردەوامە کاریگەرییان لەسەرمان. لەبەر ئەمەشە جاری وا هەیە کە سەرنج دەخەینە سەر باوەڕەکانمان و پرسیاریان لەسەر دادەنێین و بە ئاگاییەوە هەڵیان دەسەنگێنین؛ بەر لەهەر کەسێکیتر خۆمان سەغڵەت دەکەن و پێمان وایە بەم کارە بەشێك لە هەبوون و کەسایەتیمان دەستکاری دەکرێت وەک ئیهانە و قابیلی قەبوڵنەکردن وەریان دەگرین. ئەگەرچی 'باوەڕ' وەك کاتیگۆری هەر 'باوەڕ'ە و هیچیتر نییە، هەر لە توخمی ئەو باوەڕانەیە کە خۆمان لەوەو پێشتر لە پرۆسەی ئەزموونی ژیانماندا هەڵمان سەنگاندوون و بڕوامان پێیان نەماوە و ڕەتمان کردوونەتەوە، هەر وەک ئەوانەشن کە لە داهاتوودا دروستیان دەکەین. ئەمە جگە لەوەی هیچ باوەڕێك بە تەنها ئیش ناکات و خالس و پاکژ نیە  لە تێکەڵاوی بون و تێهەڵچوونی باوەڕیتر؛ هەموو تاکێکی بیرکەرەوە خاوەنی تۆڕێکی فراوانە لە باوەڕ، ئەم تۆڕە پێکهاتەی چەندین باوەڕە ، ژمارەیان گەر بێکۆتا نەبن، زۆر لەوە زیاترن کە بیانژمێریت، هەموو ئەم باوەڕانە وەك تۆڕی جاڵجاڵۆکە بەیەکەوە لکێنراون و ئاڵێنراون و چنراون، ئەمیان بەوی تریانەوە بەندە و ئەویان بەوانیترەوە. هەندێك جار لە فەلسەفەدا تۆڕی باوەڕ وەك بناغەی بینایەك وێنا کراوە کە یەك لەسەر ئەویترە و هەندێك جار وەك زنجیرێك وێنا کراوە کە یەك لە دوای یەك پەیوەندە و تێکهەڵکێشی ئەویتر کراوە، بەڵام دەرکەوت گەر بمانەوێت تۆڕی باوەڕەکان وێنا بکەین، تۆڕێکی بێسەروبەر و فراوانە و هیچ کام لەو وێنایانە ڕاست نین بۆی و گەلێك لەوە ئاڵۆزترن.

بە گشتی لە فەلسەفەی ئەکادیمیدا پێویستە کە بەم جۆرە  'باوەڕ' وەربگیررێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، جگە لەمەش لەبەر ئەوەی هەڵسەنگاندنەکە لەسەر هەموو جۆرەکانی باوەڕە نەک دژایەتیکردنی  یەک جۆر لە باوەڕ، هەموانمان دەگرێتەوە نەک هەڵگرانی جۆرێک لە باوەڕ. لەبەر ئەمەیە  وا بە باش دەزانرێت نموونەی ساکار و نا-وروووژێنەر بهێنرێنەوە بە بەراورد بە نموونەی ڕاستەوخۆ و هەژێنەر. دەزانم بەکارهێنانی نموونەی هەژێنەر بۆ دەرخستنی ئەوەی  دەتەوێت بیڵێیت هەم بۆ نووسەر ئاسانترە، هەم بازاڕ و فرۆشتنی کتێبەکانت زیاتر دەکات؛ بۆ زیادکردنی خوێنەر گرنگە. بەڵام زۆر تێکستی فەلسەفی هەن زۆر وروووژێنەرن ، لە ئاستی ئەکادیمیدا کواڵەتییان  زۆر نزمە و ئارگیومەنتەکانیان لاوازن ، گەر هەڵەش نەبن. سەرەڕای ئەوەی لە مەسەلەی بازاڕی فرۆشتنی کتێب تێدەگەم و بە پێویستی دەزانم، بەڵام ئەم نەوروژاندنەم لە تێکستی ئەکادیمیدا لا پەسەندە، بڕوام وایە کە پەروەردە و کاری ئەکادیمی دەبێت بۆ هەموو کەسێك بێت بەبێ لێکەمکردنەوەیان، بیرکەرەوەی تاك  بە جیاوازیی بیرکردنەوە و جیاوازییەکانی تریش کە لە ناو ژینگەی ژیانکردنماندا دروست کراون و لکێنراون بە پێناسەی گروپێک لە مرۆڤ یان کۆی چەند گروپێک ؛ ئەمانە  پێکەوە خوێنەرن. هیچ کام لەم جیاوازییانە لە نێوانماندا سروشتی نین و تەنها وەك مۆر لە مرۆڤ دراون بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتر بە مەبەستی هەڵاواردنیان و بە مەبەستی زاڵکردنی هەندێکیان بەسەر ئەوانیتردا. لەبەر ئەمەیە لە 'هەگبەی زانین'دا ئەوەم بە پەسەند زانیوە ڕاستەوخۆ ئەو جیاوازیی باوەڕانەی کە بە مرۆڤەوە لکێنراوە و کراوە بە پێناسە و شوناس نەورووژێنم. ئەم جیاکردنەوە کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ئایدیۆلۆجی و سیاسیی و ئاینیانە لای من بە هیچ جۆرێك گرنگ نین سەبارەت بە پەیوەندیم لەگەڵ تاکی بیرکەرەوەدا و لە دیتنم لەوەی خوێنەر بیرکەرەوەیە پێش ئەوەی هیچ کام لەمانە بێت. لەبەر

زیاتر لەسەر بنەمای سیاسی و جێۆپۆلیتیک و قۆرخ کردن و بەرژەوەندی شەخسی ئەوانەیە کە لە بواری فەلسەفەدا ئیش دەکەن و بەریەکدەکەون، نەک دیبەت و ئارگیومەنتە فەلسەفیەکان. گەرئەمانەی لێ لادەین و تەنها مەسەلەی دیبەیت و بۆچوون و ئارگیومەنتە جیاوازەکانیان بهێڵینەوە سەبارەت بە هەر پرسێک، ئەوا هەردوو لە ئەنەلەتیک و کۆنتینەنتاڵ پێکەوە زیاتر سوودبەخش دەبن لە فراوانکردنی بواری فەلسەفەدا؛ فەلسەفە هێندە فراوانە پانتاییەکەی کە دەتوانێت هەموو ئەم ڕەوت و جیاکردنەوانە لە خۆ بگرێت و فەلسەفەی پێ دەوڵەمەندتر بکات. ئەوەش مانای وایە بۆ ئەوەی ببیت بە فەیلەسوف دەبێت لە ئەم هەموو ئارگیومەنت و دژە-ئارگیومەنتانە و گومان و ڕەخنە و پرسیار و سەرنجانە تێ بگەیت و بە وردی بیانخوێنیتەوە، گەرچی زۆر جار لەوانەیە وا ڕێك بکەوێت کە هەندێك لە سەرەنجامی ئەو ئارگیومەنتانە بە لاتەوە پەسەند نەبێت، یان ڕەوتێکی فەلسەفی ڕەتبکەیتەوە؛ بەڵام تەنها ئەوکات دەتوانیت سەرنجێکی باشتر و کامڵتر دروست بکەیت لە فەلسەفەدا.

بە خوێندنەوەی زۆربەی زۆری ئارگیومەنتەکانە  لە فەلسەفەدا کە دەتوانین متمانە بە هەندێك لە بۆچوون و باوەڕەکانمان ببەخشین و بیانکەین بە 'زانین' و متمانەش لە هەندێکیان وەرگرینەوە و ڕەتیان بکەینەوە. بیرکردنەوەیە کۆمان دەکاتەوە و جیامان دەکاتەوە، بەشەڕمان دەدات و ئاشتمان دەکاتەوە،  شەیدا و عاشقمان دەکات و ڕق و تۆڵەمان تیا دەڕوێنێت، هەر بیرکردنەوەیە کە دەتوانێت چۆنی بوێت یاریمان پێبکات. هەر بیرکردنەوەشە کە باوەڕ دروست دەکات، ئەو باوەڕانەی کە بە بەردەوامی وەك داشی شەترەنج یاریمان پێ دەکەن و ژیانمان داگیر دەکەن، زاڵبوونی باوەڕە هەڵەکان بەسەر بیرکردنەوەماندا ژیان پڕووکێنەرن و یەکمان بەویترلەناو دەبەن و مرۆڤایەتیمانیان ماندوو کردووە. چ بە شاردنەوەی تروسکایی ڕاستی لەڕێی بەزۆر خۆ سەپاندنیان  و چ بە ناڕاستبوونی خۆیانەوە ؛ تۆڕیکی ئاڵۆزی بیرکردنەوە لە نێوانماندا پێك دەهێنن، چۆن بیانەوێت بەکارمان دەهێنن و دەمانجووڵێنن، دەتوانن بمانکەن بە دۆستی گیانی بە گیانیی یەکتر و لە هەمان کاتدا دەتوانن بمانکەن بە دوژمنی سەرسەختی یەکتر و یەکتریمان پێ لەناوبەرن.

مرۆڤ بیرکەرەوەیە، ئاستی بیرکردنەوە یەکێکە لەو توانایانەی مرۆڤ لە زیندەوانیتر جیا دەکاتەوە، وا لە مرۆڤ دەکات هەم بەسەرداچوونەوە بۆ باوەڕ و بۆچوونەکانی بکات و هەم لە باوەر و بیروبۆچوون مەزنتر بێت. لەبەر ئەوەی پرۆسەی بیرکردنەوە لە مرۆڤدا دروست دەبێت، مرۆڤ خاوەنی هەر پێنج هەستەکان و ئاگایی و زمان و  مێشکێکی تایبەت بە مرۆڤە ؛ چۆنیەتی و کواڵەتی ئەمانە بەکەموکوڕی و تواناکانیەوە خەسڵەتی 'مرۆڤ' پێکدەهێنێت. هەر مرۆڤە کە بیر و بۆچوونەکان دروست دەکات، هەڵیان دەسەنگێنێت، بەسەریاندا دەچێتەوە، ڕەتیان دەکاتەوە و دەیانگۆڕێت و باشتریان دەکات و بەجێیان دەهێڵێت بۆ ئەوانیتر کە دوای خۆی دێنە ژیانەوە. بۆ نموونە: گەر خوێنەر بیر لە ژیانی خۆی بکاتەوە -گەرچی کەمتەمەنیش بێت- دەبینێت لە چەند کاتێکی ناو ژیانیدا بە دەیان باوەڕ و بۆچوونی جیاجیای هەبوون کە لە ئێستادا لێیان دوور کەوتووەتەوە و بڕوای پێیان نەماوە، لەبەر ئەوەی بۆی دەرکەوتووە کە ئەو باوەڕ و بۆچوونانەی پێشتر بڕوای پێیان بووە، هەڵە بوون. مەبەستم لە "باوەڕ" هەموو ئەوەیە و هەر شتێکە کە بڕوامان پێیەتی و پێمان وایە کە وایە و ڕاستە، باوەڕ سەبارەت بە هەموو ئەو مەسەلانەیە کە دێنە ژیانی ڕۆژانەمانەوە، باوەڕەکان زۆرن و لە بیرکردنەوەماندا بە ڕاستەوخۆ یان لە پشتەوە هەن و بە هەموویان دەبن بە تۆڕێکی لەیەکئاڵاو و فراوان و ئەمیان پشتگیری لەوەیتر دەکات و ئەویان ئەویتر ڕەت دەکاتەوە. گرنگ نییە ئەو باوەڕانە چی بوون و چەند گەورە بوون کە وازیان لێ هێنراون لە ڕابوردودا، بۆ نموونە، دەکرێت باوەڕ مەسەلەیەکی ڕووکەش بێ؛ ئەوە بووبێت کە "مناڵ لە چل شەوی سەرەتای ژیانیدا شەوە دەیبات"، یان "پیاوێك کە جامانەبەسەر نەبێت، کورد نییە"، یان "ژنێك جلی کوردی لە بەر نەکات، شوو ناکات"، یان "گەر یەك تاڵی برژانگت بپەڕێتە سەر کوڵمت، ئەوا هەر ئاواتێك بخوازیت، دێتە دی"، یان هەرمەسەلەی گەورە و گرنگی کۆمەڵایەتی و هزری بێت. مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە کە مرۆڤ دروستکەر و هەڵسەنگێنەری باوەڕەکانە و مرۆڤ بیرکەرەوەیە و باوەڕ دروستدەکات و ڕەتی دەکاتەوە. بیرکەرەوە: بە بەردەوامی و بەپێی بەڵگەی نوێ و ئەزموونکردن لە ژیانیدا هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بۆ باوەڕ و

ئارگیومەنتانە لە خۆم دەگرم و پەسەندن لام، بەڵکو بریتین لەو ئارگیومەنتانەی کە پێویستە لە فەلسەفەدا بخوێنرێن و بخوێنرێنەوە، بە تایبەتی لە مەسەلەی زانیندا. لە هەر باسێکی ناو ئەم سێ کتێبانەی کە 'هەگبەی زانین' پێك دەهێنن، هەموو ئەمانە ڕەچاو دەکرێن و دەوترێن، بەڵام بە نموونەی سادە و نەورووژێنەر. هەر لەبەر ئەمانەیە کە ئەمە بەجێ دەهێڵم بۆ خوێنەر خۆی چۆن ئارگیومەنت و ڕەخنە و سەرنجەکانی فەلسەفە بە گشتی و ناو ئەم سێ کتێبەی 'هەگبەی زانین' بە تایبەتی دەبەستێتەوە بە ژیانی ڕۆژانەیەوە، نەك لەبەر ئەوەی کە نەمەوێت خۆم لە مەسەلە سیاسی و کۆمەڵییەکانی ناو ژیانی ڕۆژانە بدەم. ئێستا پێم وایە ئەوەم ڕوون کردەوە کە مەبەستم چییە لە چۆنێتی و ستایەڵی باسکردنەکان و لە نەورووژاندن.

لەبەر هەموو ئەمانە بوون لە سەرەتای ئەم پێشەکیەدا وتم هەموو باسەکان و ئارگیومەنتەکان و سەرنجەکان لە 'هەگبەی زانیندا'، ئاستی بەرزی فەلسەفەی ئەکادیمییان پاراستووە و هاوتا و هاوسەردەمن لەگەڵ ئاستی فەلسەفەی زانکۆکانی بەریتانیا و ئەمەریکا و ئەو وڵاتانەی کە بە ئینگلیزی دەدوێن. وەکو لە بیبلیۆگرافیەکەدا دیارە، هەموو ئەو سەرچاوانەی کە لەم کتێبەدا بەکار هێنراون، سەرچاوەن بە زمانی ئینگلیزی و بەشێکی گرنگن لە خوێندنەی فەلسەفە بە زمانی ئینگلیزی ، هەروەهاش لەناو کیشوەرانی ئینگلیزی زمان وئەورۆپا لە بازنەی دیبەیتی فەلسەفەدا. زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە لەم کتێبەدا ئاماژەیان بۆ کراوە، بۆ ئەوەن کە زیاتریان لەسەر بخوێنرێتەوە و کەم و زۆر ئارگیومەنتەکانیان لە ٣٥ کتێبی فەلسەفیی سەرچاوەییەدا هەن کە لە ٢٠١١دا لە بەریتانیاوە لەگەڵ خۆمدا هێنامنەوە بۆ کوردستان بۆ ئەو بەشەی فەلسەفە کە دوو ساڵ تیایدا مامۆستای فەلسەفە بووم. ئەوەندەی ئاگادار بم، تا ئێستا ئەو کتێبانە وەك سەرچاوە لە کتێبخانەکەی زانکۆکەیاندا دانراون؛ ئەم کتێبانە سەفتە کتێبی قەوارە زۆر گەورەن وزۆربەیان لە چاپکراوەکانی زانکۆکانی ئۆکسفۆرد و کامبریج و ستانفۆردن کە بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لە فەلسەفەدا لە ئاستە بەرزەکانی ئەکادیمیدا چاپ کراون و بڵاو کراونەتەوە و منیش هەر بەو مەبەستە لەگەڵ خۆمدا هێنابومنەوە بۆ کوردستان. گەر دەستیش بەوانە نەگات، ئەوا لە ئینتەرنێتدا لەوانەیە دەست بکەون؛ بەڵام وەك زۆربەی بڵاوکراوە خۆڕاییەکانی سەر ئینتەرنێت ڕەنگە وەك مەقالە بن یان وەك بەشێك لە کتێبەکان بن و لەوانەیە تێگەیشتنی تەواو نەبەخشن یا هەندێك لە ئارگیومەنتەکانیان تیادا نەبێ. بۆ ئەو خوێنەرانەی لە هەندەرانن، ئاماژەم پێ کردوون کام کتێبانەن لە لیستی سەرچاوەکاندا و بڵاوکراوەن و بە ئاسانی دەست دەکەون لە کتێبخانە و کتێبفرۆشی وولاتەکاندا.

بە لەبەرچاوگرتنی خوێنەری کورد، چ لە کوردستان بن یا لە هەندەران، هەروەهاش بەو مەبەستەی 'هەگبەی زانین' پردێك لە نێوان هەندەران و کوردستان دروست بکات لای خوێنەر بۆ تاووتوێکردنی فەلسەفەی ئەکادیمی سەبارەت بە پرسی زانین، 'هەگبەی زانین'م بە جۆرێك نووسیوە کە: (١) زۆر پێویست بەوە نەکات خوێنەر پێشینەی ئەکادیمیی فەلسەفیی هەبێت بۆ ئەوەی لێی تێ بگات. (٢) لە ئاستی ناوەرۆکی ئارگیومەنتەکان کەم نەکراوەتەوە، بۆ ئەوەی تێروتەسەل بێت وەك سەرچاوە و سوودبەخش بێت لە توێژینەوەی هەرسێ بەشەکەی فەلسەفەدا؛ فەلسەفەی زانست و لۆجیك/مێتۆدۆلۆجی و لە پیستیمۆلۆجیدا. هەروەهاش تا سەرچاوەیەکی بەسوود بێت لە ناو سەرچاوەکانیتردا لە پلە جیاوازەکانی خوێندنی فەلسەفە لە زانکۆکاندا. (٣) لە نووسینی هەگبەی زانیندا ئەوەم ڕەچاو کردووە کە خوێنەری فەلسەفیی جیدی هەن لە دەرەوەی دەزگا ئەکادیمییەکان و زانکۆکاندا، ئەمانە ڕۆشنبیرن و لای من زۆر گرنگن لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەروەک ئەکادیمییەکانن، ئەمانە لە هەوڵی تێگەیشتندا دەخوێننەوە ، لەبەر ئەوان هەوڵم داوە بە جۆرێك 'هەگبەی زانین' بنووسم و دەربڕینەکانم بخەمەڕوو، کەمتر بچمە ناو تەکنیکاڵەتییەوە، گەر زۆر پێویست نەبووبێت، ئەو تەکنیکاڵەتییەی کە لە فەلسەفەی ئەکادیمیدا زیاتر پێیان ئاشناین و ئیشی پێ دەکەین و خوێندنەوەی فەلسەفە بۆ خوێنەری دەرەوەی بازنە ئەکادیمی سەخت دەکەن، لە هەگبەی زانیندا خۆمم لێ پاراستوون.

پرۆژەی ئەم نوسینە، بیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٣، سەرەتای خوێندنی فەلسەفەی ئەکادیمیم لە زانکۆی لەندەن دا، بەڵام تەواوکردنی دواکەوت. گەرچی ئەم پرۆژەیە دواکەوت، ئەم دواکەوتنەی گۆڕا و بووە ئەمەیە کە لە مەسەلە هەرە گرنگەکانیشدا نموونە زۆر سادەکان بەکار دەهێنم.

با لەسەر ئەمە نموونەیەك لە ناوەرۆکی ئەم کتێبی یەکەمەی 'هەگبەی زانین' بهێنمەوە: لە کاتێکدا بە نموونەی زۆر سادە و ڕستەی زۆر سەرەتایی مەسەلەی پێکهێنانی ئارگیومەنت و مەرجەکانی ئارگیومەنتی باش دەهێنمە سەر باس و لە ئارگیومەنتی خراپ جیای دەکەمەوە، ئەم سادەییە هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە مەسەلەی ئارگیومەنت پەیوەندیی بە هەموو ئەوئاخافتن و نووسین و دەربڕینانەوە هەیە کە ڕۆژانە وەریان دەگرین؛ دەیانخوێنینەوە و بەردەوام دەیانبیستینەوە وپەسەندیان دەکەین؛ چ لە ڕێی ئاخافتن و بیستن و خوێندنەوەی هەواڵەکانی ڕۆژانەوە بێت یان لە خوێندنەوەی جیدی و لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکاندا بێت. ئەمانە هەر ئەو ئارگیومەنتانەن کە لەو دیبەیت و گفتوگۆیانەدان کە ڕۆژانە یا خۆمان دەیانکەین بۆ سەلماندنی مەسەلەیەك لای خۆمان و بۆ ئەوانیتر، یا ئەوانیتر دەیکەن و دەیانەوێت لەو ڕێیەوە بۆمانی بسەلمێنن کە بۆچوونەکەی ئەوان ڕاستە و ئەوەی ئێمە هەڵەیە. فۆرمە لۆجیکیەکەی ئارگیومەنت دەکرێت بگوێزرێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی نموونەی زەق و وروژێنەری بیرکردنەوە و دیبەیت و ئاخافتنەکانی ناو ژیانی ڕۆژانەوە کە دەیانبیستین لە ڕێی هەموو جۆرەکانی گەیاندنەوە؛ لە کۆڕ و کۆبونەوە و سیمینار و کۆنفرانس و 'دیدار' و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە و کتێبەکاندا. هەوەهاش لە کۆنفرانس و پلینیۆم و کۆبوونەوە سیاسی و حیزبیەکان و پەرلەمان و تەوژمی شەقامدا. لەهەموو ئەمانەدا ئارگیومەنت بەکاردەهێنرێت بۆ سەپاندنی بۆچونێک، بۆ پاساوهێنانەوە سەبارەت بە هەڵەیەک، بۆ دەرخستنی هەڵە و کەموکوڕییەکانی لایەنێکی سیاسیی نەیار لە کێبرکێی وەرگرتنی دەسەڵاتدا، لە بەکارهێنانیدا بۆ دەرخستنی لایەنی باش و بەهێزی حیزبێکی سیاسیی، یان دەرخستنی لایەنی باشی سیاسەتکارێك یا سەرکردەیەك و وێناکردنی بۆچوون و بڕیارەکانی وەك نموونەیەکی بێ هەڵە. لە هەموو ئەم چالاکییانەدا هەموو هەوڵەکان و بڕیارەکان و دەربڕینەکان لە ڕێگەی ئارگومێنتەوە دەکرێن؛ زۆربەی جار بەبێ ئەوەی بێژەرەکە یان بیسەرە وەرگرەکە بەوە بزانێت کە ئەوەی دەوترێت و دەیبیستێت، لە فۆرمی ئارگیومەنتدان. زۆربەی زۆری ئەو ئارگیومەنتانەش لەو چالاکیانەدا کە ئاماژەم پێکردوون، لەسەر بنەمای ئەو باوەڕانە پێك هاتوون کە هەڵەن، یان بەلای کەمەوە یەکێک لە بنەماکانیان هەڵەن، یان بنەمایان ڕاستە و سەرەنجامەکەیان هەڵەیە. زۆربەی ئەو ئارگیومەنتانەش کە لەسەر ئەو باوەڕە ناڕاست و هەڵانە هەڵچنراون، ئارگیومەنتێکی باش و دروست نین و لەگەڵیدا سەرنجامەکانیان ڕاست نین.

لەبەر ئەمە بە لامەوە گرنگ بوو باسی ئەوە بکەم کە ئارگیومەنت چییە لە سەرەتای ئەم کتێبەدا، تا خوێنەر لە کاتی نووسین و قسەکردن و وەرگرتن و بیستندا بە فۆرمەکانی ئارگیومەنت ئاشنا بێت و شارەزا بێت چۆن ئارگیومەنتی باش لە هیی خراپ جیا بکاتەوە، کام ئارگیومەنت پەسەند بکات و کامیان ڕەت بکاتەوە، پاش ئەم ئاشنا بوونە، ئیتر کەوتووەتە سەر ئەوەی خوێنەر چۆن بیرکردنەوە و باوەڕەکانی خۆی و ئەوانیتر هەڵدەسەنگێنێت، بەتایبەتی پاش خوێندنەوە و زانینی ئەم هەموو ئارگیومەنت و دژە-ئارگیومەنتانەی کە لەم هەگبەیەدا کۆ کراونەتەوە. ئەوەی کە بە لای منەوە گرنگە، ئەوەیە کە لە کەموکوڕیی بیرکردنەوە و سەختیی دەرخستنی ڕاستی و هەبوونی پەرەدۆکسەکان و کێشەکانی ساغکردنەوە و سەلماندن و پەیوەندییەکانی نێوان باوەڕ و ڕاستی و زانین لە لایەك ، لەلایەکترەوە پەیوەندیەکانی تیۆر و بەڵگە و پەیوەندیەکانی نێوان بنەما و سەرەنجام لەو ئارگیومەنتانەدا کە دەیبیستن و گوێیان لێ دەگرن و دەیانخوێننەوە، لە خوێنەر بگەیەنێت.

بۆ دابینکردنی ئازادیی بڕیاردانە کە بە ئەرکی ئەکادیمیی خۆمم زانیوە کە لە دەرخستنی ئارگیومەنتەکاندا ئارگیومەنتی دژ بەویتر بهێنمە بەر باس و وەکو خۆی باسی بکەم و زۆر جار لەبری ئەوانیش لەوانەیە وەڵامی هەندێك ڕەخنەی لاواز بدەمەوە، هەروەهاش ڕەخنە بەهێزەکان بە هەند وەربگرم، بەبێ ئەوەی لە خۆمیان بگرم؛ لە نووسینی کتێبی ئەکادیمیی پەروەردەییدا ئەمە گرنگە لام، لەبەر ئەوەی پێویستە هەموو ئارگیومەنتە فەلسەفییەکان بخوێنرێن و بخوێنرێنەوە و هەڵبسەنگێنرێن، چونکە بە کۆی هەر هەموویان پێکەوە فەلسەفە دروست دەکەن. لەبەر ئەوەشە، هەموو ئەو ئارگیومەنتانەی کە لە 'هەگبەی زانین'دا کۆبوونەتەوە؛ مانای ئەوە نییە کە هەموو ئەو

لە ساڵی ٢٠٠٥دا لەسەر داوای سەتەلایتی 'مید تیڤی' لە وڵاتی بەلجیکا شەش موحازەرەیترم ئامادە کرد هەر لەسەر پیستیمۆلۆجی و فەلسەفەی زانست و لۆجیك و مێتۆدۆلۆجی بوون، هەر لەوێش بە کوردی تۆمار کران و پەخش کران. هەروەهاش سەبارەت بە پرسیارەکانی فەلسەفە چییە و چۆن لە ژیانی ڕۆژانەدا هەیە و بەشە جیاجیاکانی ناو فەلسەفە چین؟ لە دیدارێکی فەلسەفیدا لە ساڵی ٢٠٠٩ باسم کردووە و ڕای خۆمم لەسەری دەربڕیوە، کە لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا بە مەبەستی چونە ناو باسەکانەوە، پوختەی ئەو دیدارە دادەنێم کە دیدارێکی ڕۆژنامەی 'هاوڵاتی' بوو لە کوردستانی باشور.

لە کۆتایی ئەم پێشەکیەدا، پێش ئەوەی ئەم دیدارە وەك خۆی دابنێم، بە پێویستی دەزانم سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە ئەمە تاکە دیداری فەلسەفیی منە تا ئێستا لە میدیاکانی هەرێمی کوردستانی باشووردا ئەنجام درابێت، پاش ڕاپەرین و بەتایبەتی لە ١٩٩٣وە بە کۆی هەموو ئەو دەزگا میدیایی و ئەکادیمی و حکومی ئۆپۆزیسیۆنی و ڕەخنەگریی و ئەهلی و جێندەری و دەزگا ڕۆشنبیرییانەی کە لە ناو کۆمەڵگەی کوردستانی باشووردا دروستکراوون و هەن.

ئێستا، ئەو دیدارە بەو مەبەستەی باسم کرد، بە سوپاسەوە وەك خۆی دادەنێم و بەمەش دەچمە ناو باسەکانی کتێبی یەکەمی هەگبەی زانینەوە. ئەم دیدارە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی- چاپی لەندەن ژمارە (6) پێنجشەممە ٢٠٠٩/٦/٤بڵاوکراوەتەوە.ئەمە دەقی چاوپێکەوتنەکەیە:

هاوڵاتی: تا چەندە لاتان وایە فەلسەفە بە شێوەیەکی گشتی بە مانا " فەلسەفییەکەی تێکەڵ بە ژیانی سادەی خەڵك بووە؟

وەڵامی من: من دەمەوێت لە ڕێی گرێدانەوەی دوو وشەی پرسیارەکەی خۆتەوە وەڵام بدەمەوە؛ گرێدانەوەی هەردوو وشەی فەلسەفە و خەڵك. خەڵك مەبەستمان لە مرۆڤە (نێر و مێ) و فەلسەفەش مەبەستمان لە بیرکردنەوە و پرسیار و سەرنجدانی ئەم مرۆڤانەیە لە چۆنێتیی بیرکردنەوە و بوونی خۆیان و ئەوانیتر و دەوروبەریان. بە ڕای من، نە هیچ کام لە نێر و مێی مرۆڤ سادەیە و نە ژیان و بوون سادەیە، بەڵام دەکرێت تێڕوانین لە بوون و ژیان و ڕوودانەکانی دەوروبەرمان سادە بن و باسکردن لێوەیان ڕوویەکی سادەیی بنوێنێت.

فەلسەفە ئیش و بەرهەمی فەیلەسوفە، فەیلەسوف مرۆڤە و کەسێکە کە لە بواری فەلسەفەدا خەریکی لێکۆڵینەوەیە، فەیلەسوف جگە لەمە، هیچیتر نییە. لە کاتێکدا کە هەر تاکەکەسێك لە مرۆڤ ڕۆژانە بیر لە بوونی خۆی و ئەوانیتر، یا لە دەوروبەری دەکاتەوە، لە کاتێکدا کە بڕیار و ئەنجامی بیرکردنەوەکانی جێی سەرنجن لای لێکۆڵەرەوەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان، لای ئێمە پرۆسەی بیرکردنەوەکە خۆی جێی سەرنج و پرسیار و گومانە و بابەتی فەلسەفەیە. پرسیاری فەلسەفە لە چۆنێتیی کارکردنی ئەم پرۆسەی بیرکردنەوەیە خۆیەتی و شێوە و چۆنێتیی داڕشتنی بیر و ئاگایی و بینینی دیاردەکان و گەیشتن و نەگەیشتن بە ڕاستی لە بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە خۆمان و ئەوانیتر و دەوروبەرمانە. هەر بەم پێیەش و لە ڕێی ئەمەوە جیاوازیی فەلسەفە و بابەتەکانی دیکە دەردەکەوێت، هەروەهاش ئیشی فەیلەسوف و شارەزا و زانای بابەتەکانیتر لە یەك جیا دەکرێنەوە و دەناسرێنەوە.

فەلسەفە لە ژیانی ڕۆژانە و بیرکردنەوەی هەر کەسێکدا بەکار دێت، لەو ڕێیەوە فەلسەفە تێکەڵە بە ژیانی ڕۆژانە. بۆ نموونە؛ مرۆڤ (نێر و مێ) لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا (کە لای فەیلەسوف جێی سەرنجە و خراوەتە بەر تیشکی گومان) دەگاتە بڕیار (ئەم بڕیارانە لای زانایانی زانستە سروشتی و مرۆڤایەتییەکان دەخرێنە بەر تیشکی گومان و ڕاستکردنەوەوە). مرۆڤ لەم بیرکردنەوانەیدا، باوەڕی پێشینە بەکار دەهێنێت بۆ دروستکردنی بۆچوونی تازە سەبارەت بە دیاردە و ڕوودان و بینینەکان.

ئەم باوەڕە پێشینیانە لەگەڵ سەرنج و بینینی ئێستایدا لە پرۆسەیەکی لەیەکدانەبڕاودا بۆچوون و باوەڕەکان دروست دەکەن. لەم پرۆسەیەدا؛ قسەی دایك و باوك و بەخێوکەرانمان و ئەوەی کە لە قوتابخانەکاندا وەری دەگرین، کە لە چەند تیۆری مەزن و چکۆلە و خوێندنی بابەتی زانستی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری و سیاسی و هتد هەن، ئەگەر سەر بە دینێك یا ڕێکخراوەیەکی مەدەنی یا حیزبێك یا بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و

بە بەرهەمی ساڵانێکی زۆر لە خوێندنەوە و خوێندنی ئەکادیمی و تێگەیشتنی من لە بابەتەکان، لە ڕێی نووسینی تێز و وتووێژی فەلسەفی و هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەکانمەوە.

لێرەدا دەمەوێت هەندێک زانیاریی پێویست لەسەر پێشینەی خۆم لە فەلسەفەدا بخەمە ڕوو؛ وەکو زۆر کەسیتر لە بازنەی خوێنەرانی تینوو بۆ تێگەیشتن لە ناو گەنجی کورددا هەبووم، لە کوردستانی باشووردا لە هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، زانینی مانی عەرەبی ئەوکات هێندەی زانینی زمانی ئینگلیزی گرنگ بوون بۆ خویندنەوە، لەبەر ئەوەی کەمتر لە ئێستا بە زمانی کوردی دەنوسران. لەبەر ئەمە ئێمە وەک پەپولە بەدەوری کتێبخانەکانی سەر شەقامی المتنبی بەغداد و کتیبخانەیەکیتر کە نزیک بەوێ بوولەسەر شەقامی ڕەشید، کتێبەکانمان دەکڕین بۆخویندنەوە. لە دەیەی حەفتا و هەشتاکاندا بە لێشاو لە میسر کتێب دەنوسران و لە زمانەکانیترەوە تەرجومە دەکرانە سەر زمانی عەرەبی و لە بەیروت لە چاپ دەدران و بڵاودەکرانەوە و لە بەغداد دەفرۆشران و دەخوێنرانەوە. فەلسەفە لە ڕێی خویندنەوەی ئەو نوسینانەی کە لە زمانەکانیترەوە وەردەگێڕرانە سەرزمانی عەرەبی و لە بەردەستتدا بوون؛ لەبوارەکانی فەلسەفەی سیاسی و ئەدەب و زانستی سیاسەت ونوسینە جێندەریەکان و بواری ترەوە هاتبوونە ناو بیرکردنەوەمەوە. بەڵام هیچیان وەکو خوێندنەوەی ڕاستەوخۆی ئەکادیمی لە فەلسەفەدا بەرچاوڕوونییان پێ نەبەخشیم ، هەموو خوێندنەوەیەکی ڕاستەوخۆی فەلسەفە و دیبەیتە فەلسەفییەکانی بازنەی فەلسەفی و ئاشنا بوونم بە فەیلەسوفەکان و خوێندنی ئەکادیمی و لێکۆڵینەوە و تێگەیشتنم لە فەلسەفەدا تەنها بە زمانی ئینگلیزی بوون و تەنها لە بەریتانیا و لە ئەورووپا بوون، لەدوای گۆڕانکاری لە جێۆپۆلیتیکی ژیانکردنمدا، دوای بوونم بە پەنابەرێکی سیاسی لە ١٩٨٦ی سەدەی ڕابوردوودا لە بەریتانیا ،وا ڕێک کەوت و ڕوویانداوە.

بە تایبەتییش ئەم کتێبەی یەکەمی هەگبەی زانین زەمینەکەی لە فەلسەفەی ئەنەلەتیکدایە و فەلسەفەی ئەنەلەتیکیش تایبەتە بە وڵاتانی ئینگلیزی زمان و زۆربەی -نەک هەموو- تێکستە فەلسەفییەکانی ئەنەلەتیك لە لایەن فەیلەسوفانی بەریتانیا و ئەمەریکا و ئوسترالیا دەنووسرێن. بە کورتی پێشینە و زەمینەی فەلسەفیم لە فەلسەفەی ئەنەلەتیکدایە و بە زمانی ئینگلیزییە و بە تایبەتی زیاتر لە زانکۆی لەندەن یەکەم جار زەمینەی تێگەیشتنی فەلسەفیم لا دروست بووە، بەڵام نەمویست سنووری تێگەیشتنم لە فەلسەفەدا لە فەلسەفەی ئەنەلەتیکدا بوەستێنم، ڕووم کردە وڵاتانیتری ئەورووپا بە گشتی -جگە لە بەریتانیا- بۆ ئەوەی سەرباری ئەو پێشینەیەم لە ئەنەلەتیکدا، شارەزایی و تێگەیشتن لە فەلسەفەی کۆنتینەنتاڵیشدا بە دەست بهێنم.

هەر لەبەر ئەوەی پرۆژەیە نووسینی 'هەگبەی زانین' زۆر لەمێژە لە ئارادایە، لە هەندێك تێکستی فەلسەفیمدا بە زمانی ئینگلیزی هەندێ لە سەرنجەکانم بڵاو کراونەتەوە لە جۆرناڵ و پریسیدینە ئەکادیمییە فەلسەفییەکانی ئەورووپادا. هەندێك جاریش بابەت و ئارگیومەنتەکان و بۆچوونەکانم بە کوردی باس کردوون، چ لە شێوەی موحازەرەی فەلسەفیدا بووبێ، یا لە کۆرسی فەلسەفی و وۆرکشۆپدا و لە بواری جیاجیای فەلسەفەدا و لە ئاستی جیاجیای ئەکادیمیدا،هەر ئەمەشە کە بابەتەکانی دەوڵەمەندتر کردووە. بۆ نموونە: ئەو بابەتانەی کە لەم پەرتووکەدان و پەیوەندییان بە لۆجیك و مێتۆدۆلۆجییەوە هەیە، ئامادەکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم جاری پرۆسەی دامەزراندنم لە زانکۆیەکی کوردیدا کە زۆرم خۆش دەویست، ئەویش زانکۆی سلەیمانی بوو لە کوردستانی باشوردا و لە ساڵی ٢٠٠٣دا بوو، لە کۆتا ساتی دامەزراندا نەمتوانی لەوێ جێگیر بم، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەوکات هەندێك لەو موحازەراتانەم بە کوردی ئامادە کردبوون بۆ ئەوەی لەوێ بیڵێمەوە باسیان بکەم بۆخوێندکارانی زانکۆکە. هەروەهاش، ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە فەلسەفەی زانستەوە هەیە، وەك ڕیالیزم و دژە-ڕیالیزم و تیۆری ئیحتیمالات و بەیزیانیزم و کێشەی سەلماندن و ساغکردنەوە، ئەمانە جگە لەوەی هەندێکیان وەک تێکستی ئەکادیمی فەلسەفی بە زمانی ئینگلیزی بڵاوم کردونەتەوە، لە موحازەرەکانمدا باسم کردوون. لە ساڵانی ٢٠١١ــ٢٠١٣ لە بەشێکی فەلسەفەی زانکۆیەکی کوردستانی باشوردا مامۆستای فەلسەفە بووم. ئەم بابەتانە وەك موحازەرات ئامادە کراون و دراون بە بەشی فەلسەفە، هەروەهاش وەك کورتەی موحازەرە فەلسەفییەکانیشم -هاندئاوت- دراون بە خوێندکارانی ئەو بەشە.

لێکۆڵینەوە، وەك فەلسەفەی کۆنتینەنتال یا فینۆمینۆلۆجی (فەلسەفەی فەڕەنسی و ئەڵمانی)، یۆنانی ئەنتیکویتی، هیندی، عەرەبی و... هتد.

کەسێك کە فەیلەسوفیش نەبێ یا ڕۆژێك فەلسەفەشی نەخوێندبێتەوە، ئەگەر لە هەر کام لەم بوارانەدا لێکۆڵەر بێت، لە ڕێگەی خوێندنی ئەم بابەتانەی ترەوە بە هەندێ چەمکی فەلسەفە ئاشنا دەبێت. ئەو کەسانەش کە ناچنە ناو بوارەکانی خوێندن و سیستەمی خوێندنی باڵاوە، لە ڕێی خوێندنەوەیتر و قسەوەرگرتنەوە یا لە ڕێی فێربوونی پێویستییەکانی ئەمڕۆی ژیانی ڕۆژانەوە شتێك لەم بابەتانە دەچێتە ناو تۆڕی بیرکردنەوەیانەوە و لەگەڵیدا شتێك لە فەلسەفەش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیانگاتێ و دەبن بە بەشێک لە بیرکردنەوەیان. کاتێك چەند کەسێك لە داوەت و دانیشتنێکدا گفتوگۆ لەسەر سیاسەت یا مردن یا مان دەکەن، کۆمەڵێك پرسیار دەکەن کە فەلسەفین، زۆر جار هەمان پرسیار دەکەن کە فەیلەسوفەکان دەیانکەن، تەنها لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە و تێڕوانین و وەڵامدانەوەیاندا جیاوازی لە نێوان فەیلەسوفێك و ئەم کەسانەدا دەکرێت. بۆیە من دەڵێم فەلسەفە دابڕاو نییە لە بیرکردنەوە و ژیانی ڕۆژانە، چونکە دابڕاو نییە لە هیچ بابەتێك، پرسیارە فەلسەفییەکانیش هەمان پرسیارن کە هەر کەسێك بە دەربڕینی جیاواز لە ژیانی خۆیدا دەیانکات. من دەڵێم فەلسەفە زۆر و کەم لە ژیانی ڕۆژانەی هەموو کەسێکدایە، لە هەر پرسیار و بیرکردنەوەیەك کە هەر کەسێك لە خۆی و ئەوانیتر و ژیان و دەوروبەری دەیانکات ، ڕۆژانە هەندێك لە پرسیارە فەلسەفییەکان  لە ئاخافتنەکاندا دەکرێن و قسە و نووسینەکان کەم تا زۆر ناڕاستەوخۆ فەلسەفەی تێ دەڕژێ.

هاوڵاتی: لاتان وانییە لە سیستەمی جیهانگیریدا یان لە کێبەرکێی سیاسی و ئابووریی سەرمایەداریدا هەندێك گۆڕان بەسەر چەمکی فەلسەفەدا هاتبێ؟

من: لە فەلسەفەدا وەك بابەتەکانیتر ڕەنگدانەوەی سیاسی و باوەڕ بە ئاسانی خۆیان دەرناخەن تا بە سەرنجێکی خێرا بناسرێنەوە و بدۆزرێنەوە، بەڵام هەن، هەن لەبەر ئەوەی فەیلەسوفیش مرۆڤە و لە ژیانێکی هاوبەش لەگەڵ ئەوانیتردا دەژی. جگە لەمەش، فەیلەسوفیش وەك هەر کەسێکیتر بیرکردنەوەکانی پڕن لە باوەڕی پێشینە و کێشەی گەیشتن و نەگەیشتن بە ڕاستی. بە ڕای من، چ فەلسەفە و چ زانست، جێگەی کۆمەڵێك دید و باوەڕیان تیادا بووەتەوە کە باش نین، بۆ نموونە سێکسستن (دژەژنن) یا دژ بە زانستن، یا تەنانەت دژ بە فەلسەفە خۆشین.

بەڵام دەڵێم فەلسەفە کۆنترە لە سیستەمی سەرمایەداری، هەر سیستەمێکی دیکەش کە پاش سەرمایەداری ببێتە بەڕێوەبەری ئابووری و سیاسی و ژیانی مرۆڤ، پێویستیی فەلسەفە و گرفت و پرسیارە فەلسەفییەکان لا نابات لامان. 'فەلسەفە' ئەگەر مەبەست لە چۆنێتیی پرسیار و لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان بن، ناگۆڕێت و فەلسەفە هەر فەلسەفەیە و هیچی دیکە نییە جگە لە فەلسەفە، پرسیارە فەلسەفییەکان سەبارەت بە ڕاستی و خۆمان و ئەوانیتر و ژیان و دەوروبەرمان هەر دەمێننەوە، ئێستاش 90٪ی ئەو گرفت و کێشە فەلسەفییانە ماونەتەوە کە فەیلەسوفە یۆنانییەکان بۆیان بەجێ هێشتووین و هێشتا نەك هەر لە فەلسەفەدا وەڵامیان نییە، لە هیچ کام لە زانست و مێتۆد و زمانیشدا وەڵامیان نەدراونەتەوە.

بەڵام پرسیارەکان دەگوێزرێنەوە و پرسیاریتر دێنە پێشەوە کە لەوەوپێش سەبارەت بە سەرنجێکی فەلسەفی لە فەلسەفەدا نەکراون. سەرنجە فەلسەفییەکان لە چەمکێکەوە بۆ چەمکێکی دیکە دەگوێزرێنەوە، کاتێك سەرنجەکان و پرسیارەکان لە فەلسەفەدا دەگۆڕێن، کێشە دەخەنە بەردەم بۆچوونەکانی پێشووتر و هەمیشە ململانێی بیر و دیدەکان بەردەوامن لە فەلسەفەدا.

لەو ڕووەوە، دەتوانم بڵێم بەڵێ، لە فەلسەفەدا هەندێ گۆڕان هەن، ئەم گۆڕانانەش لەگەڵ بەرهەمی بیر و زانست و لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوەی زیاتردان، لە ناو چەقی فەلسەفەدا ئەم پرسیارانە تا دێت زیاد دەکەن و چۆنێتیی کردنی پرسیارەکانیش دەگۆڕێن و لەگەڵیدا کێشەی زیاتر و گرفتی لۆجیکیی زیاتر و بڕوا نەمان بە هەندێ بۆچوون لە ناو فەلسەفەدا دێتە کایەوە. بۆ ئەوەی زیاتر ئەمەت بۆ ڕوون بکەمەوە، بۆ نموونە فەیلەسوفە یۆنانییەکان هەندێ لە کێشە و گرفتەکانی ئەمڕۆی ئێمەیان نەبووە وەك ئەو کێشانەی کە کوانتۆم میکانیك هێناویەتیە کایەوە بۆ ئێمە (بەئاگا بە لەوەی من کێشە فەلسەفییەکان بە کەموکوڕی یان زیان وەرناگرم وەك ئەوەی لە زمانی هونەری بین ؛ ئەوا ئەوەی ئەوان پێمان دەڵێن و لای ئەوان دەیانخوێنینەوە و بینینی ڕوودانەکانی ڕۆژانە و ئاشنابوون بە تیۆرەکان و ئەو قسانەی ئەوانیتر بۆمان دەگێڕنەوە لە دەمەتەقێ و گاڵتە و باسەکاندا ، ئەمانە و ئەوانەی کە خۆشمان بۆ ئارەزوو و خۆشیی خۆمان دەیانخوێنینەوە و هەر بیر و بۆچوونێکی دیکەش کە دەکەوێتە بەر گوێمان یا بەر چاومان و باسیان دەکەین لە ماوەی ژیانماندا، هەموویان دەڕژێنە ناو بینین و تێگەیشتنمان لە ڕووداوەکانی ئێستا و بەرچاو. ئەم تێگەیشتنە پێشینانەیەی تێکهەڵکێش دەبن و دەچنە ناو تۆڕی باوەڕ و تێگەیشتنمان و بۆچوونەکانمان لا دروست دەکەن، بیرکردنەوە تازەکان سەبارەت بە خۆمان و ئەوانیتر و دەوروبەرمان پێك دەهێنن.

لە کۆی ئەمەدا، لە تۆڕی بیرکردنەوەدا، ئەمە بووە بە یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئێمەی مرۆڤ بە کەموکوڕییەکی زۆرەوە قسە لەسەر خۆمان و دەوروبەرمان دەکەین، کەموکوڕییەك کە بە بەکارهێنانی هەریەك لەم ڕێ و تێکڕژان و سەرچاوانەوە دەمانگاتێ. ئەمە سەرنجێکی فەلسەفییە، بەشێکی چکۆلەیە لە کێشەی گەیشتن و نەگەیشتن بە ڕاستی. ئەم کێشەیە سەر بە پەیوەندیی نێوان تیۆر و بەڵگەکانە. جیانەکراوە لەم کێشەیەش، کێشەی جیاکردنەوەی بەڵگە بینراو و نەبینراوەکانە و پرسیاری کامیان زیاتر جێی بڕوان بۆ سەلماندنی تیۆرێکی زانستی. (بەئاگا بە لەوەی کە من دەڵێم ئەمە بەشێکە لە گرفتی ڕاستی، نەك هەموو گرفتەکە، چونکە گرفتەکە زۆر لەمە زیاترە و من پڕم لە ئارەزووی باسکردنی، بەڵام بۆ ڕاگرتنی زمانێکی سادە و قووڵنەبوونەوە لە کێشە فەلسەفییەکان، لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەییدا هەر ئەمەندە لەو بارەیەوە دەڵێم). ئەمە ئەگەرچی سەرنج و گرفتێکی فەلسەفییە، ئەم گرفتە فەلسەفییە خەم و گرفتی هەر کەسێکیشە کە لە تەمەنی خۆیدا سەرنج لە ژیانی خۆی و ئەوانیتر دەدات و لێیان ورد دەبێتەوە، جگە لەوە، ئەم گرفتە هیی هەر کەسێکە کە بیەوێت لە بوارێکی زانستیدا لیکۆڵینەوە بکات بە هەردوو بەشی زانستی سروشتی و زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە.

بۆیە دەڵێم پرسیارە فەلسەفییەکان و فەلسەفە بەشێکن لە بیرکردنەوەی هەر مرۆڤێك لە ژیان و بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەش لە هەر بابەتێك. هەموو بابەتێکیش پرسیاری فەلسەفیی گرتووەتە خۆ. بۆ ئەوەی ئەمە بە شێوەیەکیتر ڕوون بکەمەوە، دەڵێم لە زەمانێکی دێریندا هەموو زانیارییەك وەك فەلسەفە تەماشا کراوە و بە فەلسەفە دانراوە ، ئەم بابەتانەی کە لە ژیانی ئێمەدا لێکۆڵینەوەی تایبەتیان لەسەر دەکرێت، ئەوکات جیا نەبوون و بە هەموویان وتوون فەلسەفە، مەبەستم لە فیزیا و کیمیا و ماتماتیك و ئەستێرەناسی و سیاسەت  و مۆراڵ/ڕەوشت ، هتد، هەموو ئەمانە بەشێکی جیانەکراوە بوون لە فەلسەفە. لەگەڵ ڕەوتی گەشەکردندا ئەم بەشانە بۆ لێکۆڵینەوە جیا کراونەتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن وردتر و مەیدانیتر و سەربەخۆیانەتر لە بابەتەکانیان بکۆڵنەوە، بەڵام لە هەریەك لەم بابەتانەدا پرسیار و گیروگرفتی فەلسەفی لە ئاستی تیۆری و باڵادا هەن و ئەنجامگیری و تیۆرەکانیان پەیوەستن بە بوون و نەبوونی ئەو پرسیار و گیروگرفتانەوە.

دوابەدوای ئەم دابەشبوون و جیابوونەوانەی بابەتەکان پێویستی بەوە کردووە لە فەلسەفەشدا بەشی جیاجیا بۆ لێکۆڵینەوە پێك بهێنرێن کە تایبەت بن بەو کێشە و گرفتانەی کە لەو بابەتانەدا ڕێگرن لە دەرخستنی ڕووی ڕاستیی بەڵگە و بۆچوونەکان و تیۆرایزەکردنیان، هەروەهاش بۆ تێگەیشتن لە کەموکوڕییەکانیان؛ وەك فەلسەفەی دین، فەلسەفەی مێژوو، فەلسەفەی زمان، فەلسەفەی سایکۆلۆجی، فەلسەفەی هونەر و جوانی، فەلسەفەی سیاسەت، فەلسەفەی ئابووری، فەلسەفەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، فەلسەفەی زانستە سروشتییەکانی وەك کیمیا و فیزیا و بایۆلۆجی، فەلسەفەی ماتماتیك، فەلسەفەی میوزیك، فەلسەفەی کۆمپیوتەر، بەشی تریش لە دروستبووندان هاوئاهەنگ لەگەڵ زیادبوون و گرنگیدان بەو بابەت و لێکۆڵینەوانەی دیکە کە فەلسەفە نین. من ساڵی پار بە دوان لەو بەشە تازانەی کە  لێرەدا ناوم نەهێناون، سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە بووم(مەبەست لە فەلسەفەی جێندەر و فەلسەفەی عەرەبە). ئەم بەشانە هەموو فەلسەفەن و جگە لەمانەش، هەندێ بەشی فەلسەفی هەن کە لە ناوخۆی فەلسەفەدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناوبەش کراون بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر، وەك لۆجیك و پیستیمۆلۆجی و مێتۆد و مۆراڵ و میتافیزیك، لەگەڵ ئەمانەدا، بەپێی جیۆپۆلیتیك، هەندێ بەشیتر لە فەلسەفەدا هەن بۆ

نووسین و قسەکردندا لە مانای وشەی" کێشە" دەکەوێتەوە، بەڵکو پێم وایە کە دەرخستنی کێشەکان باشن و ئیشی ئێمەیە و زیادبوونی تێگەیشتن و بیر و فەلسەفەیە). لەو کێشانەی کە ئەوان نەیانبووە و لە دوای ئەوانەوە هاتوونەتە پێش و دەرخراون، زۆرن، بۆ نموونە، ئەو کێشانەی کە پەرەدۆکسی تیۆرەکان دەیدەن بە ڕووی ئێمەدا.

جگە لەوەی هەندێ کێشەی تایبەت بە بەشێکی فەلسەفە کە ئێستا هەن، ئەوکات نەبوون، هەندێك لەو بەشە فەلسەفییانەی کە ناوم بردن، لەمەوبەر نەبوون، بۆ نموونە؛ بەشی فەلسەفەی زمان ئەوکات بەو شێوەیەی ئێستا هەمانە دەرنەکەوتبوو، مەسەلەی زمان هەندێك لەو گرفتە فەلسەفییانەی نەبووە کە ئێمە ئێستا دەیانبینین و سەرقاڵیان کردووین. ڕاستە فەیلەسوفە یۆنانییەکان ئارەزوویان لە فەلسەفەی زمان هەبووە، بەڵام قبوڵیان کردبوو کە زمان وەك خۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێ، ئەوان زیاتر سەرنجیان لە مەسەلەکانیتر دەدا و کێشەکانی تریان دەخستە ڕوو لە فەلسەفەدا، ئەوان زۆر شتی تریشیان قەبوڵ کردبوو و پێیان وابوو کە نەگۆڕە، بۆ نموونە، لە کاتی "ئەرستۆ"وە هەتا کاتی "فرێگە–1879" سیلۆجیزم وەك بەشێك لە لۆجیك دادەنرا و بەسەر لۆجیکدا زاڵ بوو، لۆجیك هەر بەو جۆرە پەسەند بوو هەتا کاتێ "فرێگە" کوانتیفایەری هێنایە لۆجیکەوە، بەمە نەك هەر لۆجیکی کرد بە هاوزەمان لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەمڕۆدا و بەم کارەی نەك هەر لۆجیك وەك بەشێکی گرنگ لە فەلسەفە و مێتۆدی تیۆرایزەکردنی زانستدا مایەوە، بەڵکو "فرێگە" هەر بەم کارەی فەلسەفەی زمانیشی هێنایە کایەوە وەك ئەو بەشە فەلسەفییەی کە ئێمە ئەمڕۆ لێی تێدەگەین و لێی دەکۆڵینەوە.

هاوڵاتی: چۆن دەتوانین فەلسەفە تەرجومە بکەینە سەر ژیانی واقیعی و ئاشنابوون ئەگەر بە شێوە ساکارەکەشی بێت، بکرێتە بەشێك لە ڕۆشنبیریی تاکی کۆمەڵ؟

من: بەپێی مانای گشتیی پرسیارەکە، ژیانی واقیع مەبەست لە ژیانی ڕۆژانەیە، واتە پراکتیك (نەك ڕیالیتی بە مانا فەلسەفیەکەی). لە زمانی کوردیدا زۆر جار واقیع لەبری پراکتیك بەکار دەهێنرێت، منیش لێرەدا بەو مانایە وەری دەگرم. ئەگەر مەبەستتان لەوە بێت کە فەلسەفە بە شێوەیەکی گشتی دوورە لە پراکتیکی ژیانی ڕۆژانەوە، ئەوا من لە پرسیاری یەکەمدا بۆچوونی خۆمم وت و بۆم ڕوون کردنەوە کە بۆچی پێم وایە فەلسەفە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا هەیە. بەڵام ئەگەر پرسیارەکەت سەبارەت بەوەیە کە چۆن دەتوانین فەلسەفە ئاشنا بکەین بە تاکی کورد و بیکەین بە بەشێك لە ڕۆشنبیریی کوردی؟ وەڵامی من زۆر ڕوون و سادەیە و پێویست ناکات زۆر بەدوایدا بگەڕێم، ئاشنا نەبوونی تاکی کورد بە فەلسەفە و دەرنەکەوتنی فەلسەفە لە بواری ڕۆشنبیریی کوردیدا لەبەر نەبوونی فەلسەفەیە وەك بابەتێکی سەربەخۆ لە بیر و فەرهەنگی کوردیدا. لێرەدا مەبەستم لە فەلسەفەی ئەکادیمییە و فەلسەفە وەك فەلسەفە خۆی، نەك وەك تێکەڵە و ئاڵۆزبوو بە بابەتەکانی تری غەیرە فەلسەفەوە، وەك ئەدەب و سیاسەت و دین و... هتد. بە ڕای من، تا ئێستاش کورد لە ڕێی ئەم بابەتانەوە بیر لە فەلسەفە دەکاتەوە و وەری گرتووە، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە بۆ بیرکردنەوەی کوردی و تێگەیشتن لە فەلسەفە. ڕاستە ئەم بابەتانە چەند پرسیارێکی فەلسەفییان بە خۆوە گرتووە ، بەڵام لە مێتۆدی تیۆرایزەکردن و ئەبستراکت و گەیشتن بە ئەنجامدا ئەم بابەتانە خۆیان پێویستیان بە فەلسەفە هەیە، وەك لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسم کرد. هیچ کام لەم بابەتانە فەلسەفە نین و ناتوانن لێکۆڵینەوەی فەلسەفی بکەن.

بە ڕای من، ئەگەر ئیستا وا نەکەین و ئەم هەڵەیە ڕاست نەکەینەوە، لە دواییدا کێشەیەکی زۆر دروست دەکات و ساڵانێکی زۆر سەرف دەکرێت بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵەیە، لەبەر ئەوە، زۆر پێویستە هەر لە سەرەتاوە ئێمە فەلسەفە وەك فەلسەفە بهێنینە ناو ڕۆشنبیریی کوردییەوە، ئەم هێنان و دروستبوونەش بەبێ هەبوونی چەند دەزگایەکی ئەکادیمی بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفی و هەبوونی چەند گۆڤارێکی ئەکادیمی تایبەت بە بەشە جیاجیاکانی فەلسەفە ناگاتە ئەنجام. لە پێش هەموو ئەمانەشەوە، بەبێ هەبوونی فەیلەسوفی زۆری بەکار و بەردەوامبوونی چالاکیی فەلسەفی، واتە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، فەلسەفە دروست نابێت.

هەر ئەمەش بە تەنها بەس نییە، بەڵکو پێویستە لە زانکۆ کوردییەکاندا کۆلێجی سەربەخۆ هەبێت بۆ خوێندنی فەلسەفە، هەروەهاش لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییدا. ئەگەر ئەمانە نەبن، کورد ناتوانێ فەلسەفەی هەبێت، من پێم وایە کە کورد نەك هەر زۆر پێویستە ئاشنا ببێت بە فەلسەفە، بەڵکو دەبێت خۆی بکات بە خاوەنی فەیلەسوفی زۆر و ئارگیومەنتی فەلسەفی زۆر لە هەموو بەشەکانی فەلسەفەدا، مەبەستم لەوەیە کە داهێنانی فەلسەفیی هەبێت و چالاك بێت لە بواری فەلسەفەدا، وەك ئەوەی کە لە وڵاتانیتر و لە ناو گەلانیتردا هەیە."

د. سامال مانیی

Dr. Samal H R. Manee

لەندەن، نەورۆزی ٢٠١٨

Bibliography

بیبیلیۆگرافی: ئەو سەرچاوانەی بەکار هێنراون و ناو براون


Berger, Peter L. and Thomas Luckmann, The Social Construction of Reality, (Penguin Books, 1967).

Bonjour, Laurence. ‘In Defense of Pure Reason: A Rationalist Account of A Priori Justification'. Cambridge: Cambridge University Pres, 1988

Bonjour, Laurence. ‘Against Naturalised Epistemology’, Midwest Studies in Philosophy, XIX (1994).

Boyd, Richard. Philip Gasper & J.D Trout eds, The Philosophy of Science, (MIT Press, 1991).

Boyd, Richard. "Observation, Explanation power, and simplicity" in Philosophy of Science, eds; Richard Boyd, Philip Gasper and John D. Trout. (MIT Press,1991): 349–377.

Boyd, Richard. "Realism, Approximate truth and Philosophical Method" in, The Philosophy of Science, ed. David Papineau (Oxford University Press, 1997): 221–22.

Cartwright, Nancy. How the Laws of Physics Lie, Oxford University Press. 1983.

Chomsky, Noam. Recent Contributions to the theory of Innate Ideas, Synthese, Vol.17, No.1 , 1967 pp.2–11.

Dancy, Jonathon. An Introduction to Contemporary Epistemology (Blackwell Publishers, 1985).

Descartes, Rene. ‘The Philosophical Writings of Descartes’ Translated by John Cottingham and others, Vol II, Cambridge university press 1984.

Duhem, Pierre (1954). 'The Aim and Structure of Physical Theory'. Princeton: Princeton University Press.

Fumerton, Richard. "The internalism/externalism controversy." Philosophical perspectives 2 (1988): 443–459.

Gettier, Edmund L. "Is justified true belief knowledge?" Analysis, 23, no. 6 (1963): 121–123.

Goldman, Alvin (1976). “What is Justified Belief?” in G. S. Pappas, ed., Justification and Knowledge (Reidel, 1976); reprinted in Jaegwon Kim and Ernest Sosa, eds., Epistemology: An Anthology (Blackwell, 2000); and in Goldman, Liaisons: Philosophy Meets the Cognitive and Social Sciences (MIT Press, 1992).

Goldman, Alvin (1999). “Internalism Exposed”, Journal of Philosophy 96, 271–93; also reprinted in Kornblith, ed., Epistemology: Internalism and Externalism.

Goodman, Nelson. 'Fact, Fiction and Forecast, 4th Edition (foreword by Hilary Putnam), (Harvard University Press, 1983). (The Original was published in 1954)

Grayling, Antony C. Philosophy: a guide through the subject, Oxford University Press, 1995.

Hacking, Ian. Representing and intervening: Introductory topics in the philosophy of natural science. Cambridge University Press, 1983),201; also, Ian Hacking, "Do we see through a microscope?" Images of science (1985): 132–52.

Hacking, Ian. ‘An Introduction to Probability and Inductive Logic’, Cambridge University Press, 2001.

Harman, Gilbert H. ‘The Inference to the best explanation’, Philosophical Review 74 (1):88–95 (1965).

Hempel, C. G. "Studies in the Logic of Confirmation (I)" Mind 54, 1–26, 1945. Oxford university press.

Hemple, Carl. Aspects of Scientific Explanation, (The Free Press, 1965).

Hume, David. An Enquiry into Human Understanding: and other essays, (original in 1748) reprinted 2004) by Dover philosophical classic, 2004. You can also find it in ‘An Enquiry concerning Human Understanding’, edited by T. Beauchamp, Oxford University Press, 1999.

Kant Immanuel, Critique of Pure Reason, 1781.

Kuhn, Thomas. The Structure of Scientific Revolution, 2nd edition, (University of Chicago Press, 1970).

Laudan, Larry. “A confutation of convergent realism" Philosophy of Science 48, no. 1 (1981):19–49.

Longino, Helen E. Science as a social knowledge: Values and Objectivity in scientific inquiry, Princeton university press, 1990.

Longino, Helen E. Taking Gender Seriously in Philosophy of Science, Author(s): Helen E. Longino Source: PSA: Proceedings of the Biennial Meeting of the Philosophy of Science Association, Vol. 1992, Volume Two: Symposia and Invited Papers (1992), pp. 333–340 Published by The University of Chicago Press on behalf of the Philosophy of Science Association.

Manee, Samal H R. Social Indeterminacy and Quine's Indeterminacy Thesis, The Journal of Philosophy; Contemporary philosophy. Year XXVI, Book 3, 2016.

Manee, Samal H R. The ‘Truth’ Between Realism and Anti-Realism, International Journal of Philosophy. Volume 6, Issue 2, June 2018.

Martin, M.G.F. "Perception," in Philosophy: a guide through the subject, ed. Anthony. C. Grayling (Oxford University Press,1995): 31

Nichols, James H. ‘Plato; Gorgias and Phaedrus’, Translation of the original text. Cornell University press, 2014.

Patterson, Richard. "Aristotle," in The Routledge Companion to Epistemology, eds. Sven Bernecker and Duncan Pritchard (Routledge, 2011): 693.

Peirce Charles, The Collected Papers of Charles S. Peirce, 8 vol. ed. by Hartshorne, C, Weiss, P. and Burks, A. W. Cambridge: Harvard University Press.1932.

Plato, The Republic (Dover Publication Inc., 2000

Plato, Meno (Anastaplo &Berns Edition) (Hackett Publishing Company, 1998.

Polanyi, Michael. Personal Knowledge; Towards a post–Critical Philosophy (Routledge, 1958, reprinted 1962).

Popper, Karl, Conjectures and Refutations: The Growth of Scientific Knowledge, London: Routledge, 1963.

Popper, Karl. ‘The Logic of Scientific Discovery’. Routledge, 1992.

Psillos Stathis, Scientific Realism: How Science Tracks Truth (Routledge, 1999).

Putnam, Hilary. Mathematics, Matter and Method (Cambridge University Press, 1979),323–357.

Quine, W.V.O. ‘Epistemology Naturalized’ in Blackwell Companions to Philosophy, second edition, ed: Jonathon Dancy & Ernest Sosa, (Blackwell Publishing, 2010).

Quine, ‘Two Dogmas of Empiricism’ Philosophical Review 60 no 1 (1951)

Russell, Bertrand. “On Denoting" in Mind; 14, No 56 (Oct 1905): 479–93 and in The Problems of Philosophy (Barns & Noble, 1912).